بوومەلەرزەیەکی وەرانکەر لە ئەفغانستان نزیکەی ٦٠٠ کەس گیانیان لەدەستدا و سەدان کەسیش بریندار بوون

کاربەدەستانی تاڵیبان ڕایانگەیاند، لە ئاکامی بوومەلەرزەیەک لە ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان، لانیکەم 800 کەس گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە دو هەزار و 500 کەسی دیکەش بریندار بون، کە زەربەی زیانە گیانییەکان لە شاری دارا نور لە پارێزگای نەنگەرهار ڕویانداوە.

زەبیحوڵا موجاهید، وتەبێژی تاڵیبان ئەمە دوشەممە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە کابول ڕایگەیاند، نزیکەی 800 کەس لە پارێزگای کونار گیان لەدەستداوە و دو هەزار و 500 کەسی دیکەش بریندار بون.
بەگوێرەی زانیارییەکان، زەربەی زیانە گیانییەکان لە شاری دارا نور لە پارێزگای نەنگەرهار بوە، هەروەها گیانلەدەستدان بەهۆی بوومەلەرزەکە لە پارێزگای لاغمانیش تۆمارکراوە.

بوومەلەرزەکە لە نیوەی شەودا بە قووڵایی 10 کیلۆمەتر ڕویدا و خانوە قوڕ و بەردینەکانی ناوچە دورەدەست و شاخاوییەکانی وەرانکرد. کارمەندانی فریاگوزاری لە ژێر داروپەردودا بەدوای ڕزگاربواندا دەگەڕێن، هاوکات هەلیکۆپتەرەکان بە فڕۆکە بریندارەکان دەگوازنەوە بە نەخۆشخانە.

شەرەفات زەمان، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی گشتی هەشداریدا لەوەی ژمارەی قوربانیان بەرزدەبێتەوە.

بە گوتەی بەرپرسانی ناوچەکە، گوندەکانی وادیر، شوماش، مەسعود و ئاریت لە پارێزگای کونار بە تەواوی وێران بون، دەیان گوندی دیکەش زیانی زۆریان بەرکەوتوە. تەنها لە گوندەکدا 30 کەس گیانیان لەدەستداوە.
ئەم کارەساتە لە وەاتەکدا ڕویدا کە پێشتر چەندین جار ڕوبەڕوی بومەلەرزەی کوشندە بوەتەوە و ئێستا ڕوبەڕوی قەیرانی مرۆیی بوەتەوە و بەرپرسانی تاڵیبان ڕایانگەیاندوە، تا ئێستا هیچ حکومەتێکی بیانی پەیوەندی بە کابولەوە نەکردوە بە هاوکاریکردنی ئەپەراسیۆنەکانی فریاگوزاری و فریاکەوتن.

زەبیحوڵا موجاهید، وتەبێژی حکومەتی تاڵیبان لە تەڵەفزیۆنێکی ئەمەریکی نوسیویەتی، بومەلەرزەکە زیانی گیانی و زیانی ماددی لێکەوتوەتەوە، هەروەها تیمی فریاگوزاری لە کابول و پارێزگاکانی دیکەوە ڕەوانەی ناوچە زیانلێکەوتوەکان کراون.

ئەو بومەلەرزەیە بە شوێنێکی بەرفراوان لە شاری جەلال ئاباد و ناوچە سنورییەکان لەگەڵ پاکستان هەستی پێکراوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی بەشی جیهانی بی بی سی، بومەلەرزەکە لە کابولەوە تا ئیسلام ئابادی پایتەختی پاکستان هەستی پێکراوە.